# ئیسلامی سیاسی بەکردەوە پەیامی خۆی نیشان دەدات

کاولکاریەك ئەمەریکا بەناوی پرۆسەی ئازادی عێراقەوە دەستی پێکرد بەر ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێستا بەچاوی خۆمان دەیبینین سیناریۆی ڕەش ناوێکی پڕاوپڕ بە پێستی ئەم هێرشە دژی ئینسانیەیە , لەشکر کێشی ئەمەریکا و داگیرکردنی عێراق بەناوی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزم ئاوالاترین دەرگای تیرۆریزمی بەڕووی تیرۆریزمی ئیسلامی دا کردەوە و باشترین مەیدان و جوگرافیای بۆ هەڵبژارد , تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیش لەم بارەیەوە هیچ کوورتی نە هێناو هەرچی لە مێژووی کۆن و تازەیدا هەبوو لە ئینسان کوژی و وەستانەوە لە بەرانبەر سەرەتایترین ماف و خواستە مەدەنیەکانی خەڵکی عێراق و کوردوستان دا ئەنجامی دا , فەزایەك بۆ ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەی سازا لە هیچ دەورو زەمانێکدا بۆی نەهاتۆتە پێشەوە و نەیتوانیووە وەك ئێستا شمشێر و چەقۆی کولی ئینسان کوژی بگاتە ملی خەڵك , ئەوەی ئیسلامی سیاسی و دەستە تاقمی تیرۆریستی ئیسلامی ئەنجامی دەدەن بەجۆرێك دژی ئینسانی و قیزەونە کە ئینسان کارو کردەوەکەیان دەبینێ بە جارێك سەرسام دەبێت , ئەوەی لە قاموسی ئینسانادۆستی و تێگەشتن و هاووچەرخی بووندا هەیە لە لای ئەوان بەجارێك باری کردووە , ئەم سەردەمە بەپێی واقعەتێکی سیاسی و کۆمەلایەتی کە بزووتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکانی تێدایە و تیرۆریزم بۆتە باشترین بەدیل و ئالای مەوقعیەت پەیداکردن لە نێو هاوکێشە جەنجالە سیاسیەکانی دنیای یەك قوتب و شەڕی نێوان دوو قووتبی تیرۆریستی ئەو سەردەمەیە کە ئیتر ئیسلامی سیاسی بە ڕوونی و بە ئاشکرا ئەیەوێت نیشانی کۆمەلگای بدات کە پەیامەکەی چیەو دەیەوێت کۆمەلگای عێراق و کوردوستان تەسلیمی چ چارەنووسێك بکات , ئەم سەردەمە بۆ ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەی ئیتر ووتاری هەینی و گۆشت دابەش کردنی خێر و دەست هێنان بەسەری هەتیوان کەڵکی نیەو مێژوو جارێکی تر قەتڵ و عامێك کە لە بەدر و خەندەق و ئوحدا ئیسلام کردویەتی بە شێوەیەکی تر دووبارەی دەکاتەوە , ئەمرۆ ئیسلامی سیاسی وەك ئەو کابووسەی کە نایەوێت کۆمەڵگا هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵمژێت بەر بۆتە گیانی خەڵکی بێدیفاع و ناو گەڕەك و کۆلان و جێگای ژیانی خەڵکی کردۆتە ئامانجی کارە تیرۆریستیەکانی , ئیسلامی سیاسی بەم کارە تیرۆریستیانەیان بەیەکجاری حورمەتی ئینسان دێننە خوارەوەو دەیانەوێت جێگای گەراکانیان لە شوێنێکدا خۆش بکەن کە ئینسان وەك ئینسان نەناسرێت , ئەو نمایشانەی ئەم ماوەیە لە سەر دەستی ئەم ئینسان کوژانە دیمان دەری دەخات ئەمانە چەندە دوورن لە ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵك , هەموو بینمان چۆن ئەو ڕفێنراوە بەریتانیایە لە نێو قەفەزێکدا هاواری ئەکرد و ئەپاڕیەوە , هەموو بینیمان سەر لێکردنەوە وەك سوونەتێك ئیسلامی سیاسی چۆن تازەی کردەوەو بیری کۆمەلگای خستەوە , هەموو بینیمان چۆن سەیارەی بەمین چێنراو لەناکاو لە نێو قەرەباڵغی و شەقامەکان دەتەقێننەوە , هەموو بینیمان چۆن ئەو ئینسانانەی کە هەواڵێکیان لە قازانج و بەرژەوەندی ئەم کاولکاریەدا نیە دەکرێنە نیشان و ژیانیان لێدە سێننەوە , تەقاندنەوەی سینەما , شوێنی سەر گەرم کردن , کوشتنی بێ پەردەی ژنان , هەڕەشە لە ژن و کچی سفوور و مەدەنی , بە ئاشکرا مەلاکان لە مووسڵ فتوای مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی مەدەنی و پێشکەوتوخواز دەدەن , تەنانەت کار بە جێگایە گەشتووە نەك ئینسانی گەورە تەنانەت منالأنیش وەك بەشێك لەو کەسانەی کە دەکەونە بەر ڕەحمەتی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی بێبەش نەبوون و وەك پیشەی هەمیشەیان لە سەرکووتی منالّ و بە حیساب نەهێنانیان وەك ئینسانی تەواو , ئەم جارەیان ئامانجی تەقاندنەوی سەیارەیەکی بۆمب ڕێژ کراو لە لایەن وەکیلەکانی خوا لەسەر زەوی گیانی زیاتر لە سیوو هەشت منالّی کردە خەڵووز و قیمە لە بەغدادی پایتەخی عێراق , لە کاتێکدا منالان سەرقالّی شتێك بوون ئەوەی بیریان لێنەکردبێتەوە مردن و کیشانی گیانی پەپوولە ئاسایان بوو , بەلاّم چونکە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی ئامادەیە دەبێت هەموو کات چاوەڕوانی نائینسانی ترین کار و کردەوەی دژی ئینسانی بیت ,

ئەوەی کە زۆر مایەی شەرمەزاری و بەتەواوی ناوەڕۆکی ئیسلامی سیاسی نیشان دەدات ڕاگەیاندنی زەرقاوی و تاقمەکەیەتی کە بەرپرسیارێیەتی خۆیان لەو کارە جیهادیە نیشان دەدەن , بێجگە ئیسلامی سیاسی کێ هەیە تاوانێکی ئاوا گەورە بەرانبەر منالآن ئەنجام بدات و خۆیشی بە بەرپرسی بزانێ ئەمە ئیتر ئەوە نیشان دەدات کە ئیسلامی سیاسی بەبێ نیشان دانی پەیامەکەی خۆی بە کردەوە کە تیرۆریزمە هیچی پێناکرێت و لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا بازاڕی سارد دەبێت , ئەم تاوانە یەکێکە لە تاوانە گەورەکانی ئیسلامی سیاسی کە بەرانبەر کۆمەڵگا بە گشتی و منالآن بە تایبەتی کردوویانە منالآنێك کە بەرائەت و خۆشەوویستیان لێدەبارێت بیانکەیتە خۆراکی بۆمب و تی ئێن تی , منالآنێك تەمەنێکی زۆریان لە ژێر کاریگەری گەمارۆی ئابوری ڕاکێشاو لە هەرچی خۆشی و دەسکەووتی منالآنە هەیە بێبەش بوون کەچی ئیسلامی سیاسی بەووشەوە ناوەستێ بۆ یەکجاری ژیانی مەمرە و مەژیەیان لێدەسێنێتەوە و شانازی پێوە دەکات , ئەگەر ئەم تاوانانە لە دنیادا لە ئیسلامی سیاسی بسێنیتەوە و نەیەڵی ئەنجامی بدات یاخود ئیسلامی سیاسی لە نێو قەتڵ و عامەکانی عێراق سوودان , ئەفغانستان , جەزائیر , پاکستان , میسر , ئێران , دەربهێنی هیچی نامێنێتەوە بۆیە ئیسلامی سیاسی بە تووندی باوەشی بە تیرۆریزم دا کردووە و چارەنووسی بزووتنەوەکەی پێوەی بەندە , ئەم کارە تیرۆریستی و دژی ئینسانی و منالآنەیە مەحکووم و جێگای نەفرەتێکی قووڵە من هەر یەکێك لەو منالآنەی بوونە قووربانی ئەو کارە تیرۆریستیە بە بەشێك لەجەرگی خۆم دەزانم و بە ئەو پەڕی ئیحساسمەوە بەشداری غەمی دایك و باوك و کەس و کاریانم , تیرۆریزمێك کە ئیسلامی سیاسی بەهۆی داگیرکاری ئەمەریکاوە مەیدانەکەی بۆ خۆش بووە دەبێت کۆتای پیٰ بێت ناکرێ هەر ڕۆژێك پۆلێك لە منالآن و خزم و کەس و کارو ئازیزا نمان ببنەتە سوتەمەنی ,ئەم کارە و کۆتای هێنان بەم تیرۆریزمە نەبە حکوومەتی کاتی و نەبە ئەحزابی قەومی دەکرێت سەنگەر گرتن لە تیرۆریزمی ئیسلامی ناو ئەحزابی قەومی نیە و بەهێز کردنی حکوومەتە ساواکەی عەلاوی نیە , ئەو ڕۆژەی ئەو تاوانە ڕووی دا عەلاوی ووتی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا دەکرێت سەیر کەن ئەمانە شەڕیان لە سەر شتێکی ترە و بەڵام گیانی ئینسانەکان ئەکەنە نیشانی سەرکەووتن یان ژێر کەووتنی پرۆژەکانیان , بنبڕی تیرۆریزم و کۆتای هێنان بە داگیرکاری ئەمەریکا و گێڕانەوەی ئیرادەی خۆبەڕێوە بردنی خەڵکی عێراق و کوردوستان ئەمڕۆ بە هێزێك دەکرێت لە عێراقدا کە بەرنامەی دنیایەکی باشتری مەنسوور حیکمەتی پێیە ئەویش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە با ئەم حیزبە بەهێزبکەین و هەوری ڕەشی تیرۆریزم ڕابماڵین ,

هیدایەت مەلا عەلی